# بـرێـڤ (1)

شـێرزاد هـەینی
sherzad55@hotmail.com

زۆر جار وتمان .. لە بیرمان ماوە ..

زۆریش نوسیمان .. نووسینەکان لە ئەرشیڤەکانا پارێزراون..

خەونمان پێوە دەدیت، ئەگەر دەستەڵاتی خۆت هەبێ، ئەگەر حکومەتی خۆمان هەبێت، لەژێر دەستەڵاتی ئەو دەستەڵاتەدا، زمان و کەلتوورو شارو گوندو هەموو لایەنە کۆمەلایەتیەکان و ... و .. گەشە دەکات.

دەستەڵاتت هەبێ ... زۆر روو و لایەنی تایبەتی و تازەی زۆر بوارو مەیدان دەگۆڕێت. دەستەڵاتی خۆت هەبێ کەم و زۆر بە رووکەش و بە ناوەرۆك گۆڕان دەبێ و هەستی پێدەکرێت.

لەم رۆژەی دەستەڵاتی کوردی حوکم دەکات، ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە، لەو رۆژەی بێگانە تەنیا بە سەردان و بە میوانی لە نێوانمان دایە .. لەو رۆژانەی هەموو دەزگاکان کوردیین و ...

لەم رۆژانەدا، بە تەنیشت چەند پۆلیسێکی خاوێنی ئەندام جوانی بە زەوق دەرۆیشتم، لەناکاودا ئەفەندیەکی خاوێن تر پەیدابوو، بەرامبەریان هات. ئەفەندییەکە زۆر لە پۆلیسەکان خاوێنترو بە زەوقتربوو ..

هەموو پۆلیسەکانی بەرامبەری بۆی راوەستان، چاوەروانی هاتن و گەیشتنی ئەویان کرد، ئەوەی پێشەوەیان دەستی بۆ ئەفەندییە خاوێنەکە درێژکرد، دیاربوو، پلەی لەو بەرزتربوو، بەگەرمی پێشوازیی کردو وتی؛

( سیدی ) چۆنی ..!!

ئەویش بە شۆخییەوە وەڵامی دایەوە، بە گەرمی دەستی کوشی،

سیدی ... لێیان دوورکەوتەوەو من دوورنەکەوتمەوە، سیدی رۆیشت و من نەرۆیشتم.. سیدی ئەوان پێشوازی گەرمیان کرد، من سارد بوومەوە.. ئەو بە سڵاوی گەرمی هەموویان گەرم بۆوە، منیش بەو سڵاوو سڵاو وەرگرتنەوەیە ساردبوومەوە.

بەم وشەیە خۆم لە بیرچۆوە کەوا من لە ژێر سایەی دەستەڵاتی کوردی دام. بە وشەی ( سیدی ) زۆر تاڵی و تفتی دەستی بێگانەم بەبیرهاتەوە.

دیارە ئەم وشە پۆلیسیە، عەسکەرییە، ئینزیباتیە، ئەمنیە، کۆنە، ترسی هەرماوە، ئێمەی هاووڵاتی سەردەمی بێدەستەڵاتی سامی دەزانین، لە بیرمانە دەستی رەشی سیدی چەند توندو بە زەبرو بە ئەشکەنجەو ناشەریف بوو ..

دەزگاکانی پۆلیسیش لە ئێمە زۆرتر جەورو ناخۆشیان لە سەر دەستی ( سیدی ) یەکان دییوەو ئازارو ژانەکەی هەرماوە. سیدی تەقەی دوورو نزیکی کردووەو خەڵکی بێگوناح و لاچەپی پێکاوە .. سیدی گوندەکانی دەرووخاندو بێزاردەبوو لە دەنگی تەقینەوەو دینامێتەکان .. سیدی زۆریان کورد نەبوون .. سیدی زۆریان ...

ئەدی کەوایە ئەم سیدییە بۆ ناڕوات، بۆ رەش نابێتەوە، وەك زۆربەی زۆری ئەو رەوشتە کۆنانەی دەستەڵاتی بێگانەو زۆردارەکان. با ئەو کەلتوورە هەموو شوێنەوارو وشەو ماناو ناوەرۆك و نامەو ماناکانی بەرەویتەوە و نەمینێت.

---

برێڤ، وشەیەکی سویدیە، واتە نامە ..